# نامە خەیاڵییەکانی پیاوێک... بۆ خانمی پەپوولە

## نامەی یەکەم

**حەمە کاکەڕەش**

ئەی خانمی پەپوولە لە ئاشکراکردنی هەناسەکانی پیاوێکی بێهودە پیاوێکی شکاو نیگەران مەبە.هەوڵدە کەبینیت پارچەکانی بخەیتەوە سەریەک بەڵام دڵنیابە بە بۆنی هەناسەو ماچەکانت نەبێت ئەم پیاوە بێهوودەو شکاوە ناگەڕێتەوە ناو بازنەکانی ژیان و با ی سەراب دەیباو دەیبا تا دەبێتەوە هیچ.

هێندەی منداڵی بیرت دەکەم
هێندەی خواوەند کاریگەریت هەیە بەسەرمەوە
هێندەی پەپوولە میهرەبانیت
هێندەی ژیان عاشقتم

ئەی خانمی پەپوولە لە نوسینەوەی ئەم بیرەوەری نامانەدا هەوڵدەدەم هیچ پەیوەست نەبم بەسەرەتای ئەو عەشقە خەیاڵییەوە، بەو شێوە عادەتییە دەست پێناکەم کە لە یەکەم بینینەوە چیم لە لا دروست بوو نا قەلەمەکەم دەدەمە دەست هەست و خەیاڵەکانم با چۆنی بوێت ئاوا نامەوخەیاڵ و حەزو یادەوەرییەکان بنوسێتەوە. ئایا ناتوانم بەتۆ بڵێم جەللاد جەللادێکی پەپوولە، یان گوناهبارێکی فریشتە، دەبێت بۆ نابێت، هەمووشتێک لە کۆمەڵگاکەی ئێمەدا دەبێت و بووە، هەمووومان جەللاد و قوربانین ،هەمووومان گوناهبارو فریشتەین،هەمووومان عاشقین و تێکدەریش. ئەمەی دەینووسم هەوڵی هەناسەدانێکە لەو پەڕی بیهودەییەوە،گەڕانەوەی پیاوێکی شکاوە بۆ سەر پارچەکانی تەمەنی، تەمەنێک کە وەک ئاو دڵۆپ دڵۆپ ڕژایە بێتۆییەوەو تۆیش هەستت پێنەکرد.تەمەنێک ئەگەرتۆ ڕووتبوونەوەکانی خۆت ئاگرەکانی خۆت بڕژانایەتە ناو حەزەکانییەوە ئێستا ئەم پیاوە بێهوودەو شکاوەی لێدەر نەدەچوو بێتۆ بێهوودەیی دەستی گرتوو بردی بۆ بیابانەکانی ون بوون،بردی بۆ داستانەکانی خۆکوژی،بردی بۆ هەستکردن بەوەی ژیان هیچ نییە، هیچ جگە لە چاوەڕوانی و بەتاسەوە هەڵوەرین،ژیان هیچ نییە جگە لە هەراسانیی و تەنیایی و دەستگرتن بە ژیانێکی پڕ لە درۆو کات بەسەربردن و خۆ هەڵخەڵەتان و دڵخۆشکردن بەوەی ڕۆژێک دێت، ئەم حەسرەت وحەزو خەیاڵە دوو باڵم لێدەڕوێنێت و خۆمدەدەمە دەست ڕوانینەکانم و بە ئاسمانی تۆدا دەفڕم تا دەگەمە باخچەکانی ڕووتبوونەوەو کۆکردنەوەی گەڵا وەریوەکانی تەمەنێک تەمەنێک پڕپڕە لە بیرکردنەوەو خەیاڵ و حەزکردن بۆ گەیشتن بە تۆ.

---

تێبینی : ئەم نامەیە و نامەکانی تریش خەیاڵ دەیانووسێتەوە خەیاڵێک پڕپڕ لە عەشق.